www.kurdistannet.org
12-2-2006 11:56 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## "پیتەر یان بەڵکانندە"ی سەرۆک وەزیرانی هۆڵەندە ڕووبەڕوو لەگەڵ نوێنەرانی یانەی کوردی "میدیـــا" دا

ڕیپۆرتاژ: ڕاگەیاندنی "میدیـا"




دیمەنێك لە بۆنەکەی ٠٩-٠٢-٢٠٠٦

ڕۆژی ٢٠٠٥/٠٢/٠٩ سەعات سێ و نیوی پاشنیوەڕۆ لە مەراسیمێکی پڕشکۆدا بە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆك وەزیرانی هۆڵەندە "یان پیتر بەڵکانندە" نوێنەرانی زۆربەی ڕێکخراوەکانی بێگانە و کەمینەکانی هۆڵەندە لە هۆڵی "Koninklijke Schouwburg"ی شاری لاهای بە بۆنەی ساڵی نوێ ٢٠٠٦ و نزیك بوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی شارەوانیەکانی هۆڵەندە، لە ٠٧-٠٣-٢٠٠٦، لە ژێر دروشمی "من دەنگ دەدەم، بڕیارم داوە" کۆبونەوەیەك لە لایەن ڕێکخراوی Landelijk Overleg Minderheden ڕێکخرا. ڕێکخەری "میدیـا" سەردار فەتاح، وەك نوێنەری یانەی کوردی "میدیـا" و بەختیار بەکر وەك نوێنەری گەنجانی "میدیـا"، بەشداریان کرد، وەك ئامادەیی هەمیشەیی ئەم ڕێکخراوە کوردیە، لە هەموو کۆبونەوە و بۆنە چارەنوسسازەکانی بێگانە و داکۆکی لە پەناهەندەی کورد ئەم جارەش ڕۆڵی بەرچاوی خۆیان گێڕا و "بەختیار بەکر" بەدەستی نامەیەکی "میدیـا"ی گەیاندە دەست سەرۆك وەزیران بە شەخسی.

سەرەتا لە لایەن بەڕێز SK. Ba□ci سەرپەرشتکاری ڕێکخراوی LOM ەوە، کە چەتری هەموو ڕێکخراوە بێگانەکان و کەمایەتییەکانی هۆڵەندەیە و میدیـا" لە ڕێگەی VON ەوە ئەندامە تێیدا، مەبەست و کرۆکی گرنگی ئەم بەیەکگەیشتنەی ڕوونکردەوە، کە خودی بەڕێز سەرۆك وەزیرانیش ئامادەی بووە و باس و ڕۆڵ و گرنگی ڕێکخراوەکانی بەرز نرخاند، لە پێکەوەژیان و گونجاندنی ڕەوەندی بیگانە لە ناو کۆمەڵگای هۆڵەندی دا، پاشان سەرۆك وەزیران بەڕێز "یان پیتەر بەڵکانندە" ووتارەکەی خۆی بەم دەستەواژەیە دەست پێکرد":

خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ لە ناو ئێوە دام و داخوازیم ئەوەیە هەمووتان تەندروست باش و دڵخۆش بن. ساڵی پێشوو ئەو مرۆڤە هۆڵەندیانەی گرنگیان کەم پێدراوە، هیواخوازم بۆ ساڵی ٢٠٠٦ هەواڵی خۆش و باش ببیستن و بێگومانم گرنگی زیاتر بە کەمینەکانی هۆڵەندە دەدرێت و ئەوانەیان زمان فێر بوون و بڕوانامە و پسپۆڕیان لە بوارەکانی کارکردندا هەیە شوێنی شیاوی خۆیان دەگرن.

بەڕێزی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، ئیتر ئەوە بەسەر چوو تا گەنجێکی بێگانە چوار پێنج داواکاری بۆ ئیشێك پێشکەش دەکرد و وەرنەدەگیرا، کەچی گەنجێکی هۆڵەندی بە یەکەم نامە وەردەگیرا،
لە ساڵی نوێوە هیوادارم گەلێك گۆڕانکاری باش بۆ بەرژەوەندی و ژیانی ئێوە دێتە ئاراوە، بە چاوی خۆتان ببینن.



دیمەنێکی تر لە بۆنەکەی ٠٩-٠٢-٢٠٠٦

سەرۆك وەزیران دڵخۆشی بۆ ئەوە دەربڕی، کە کەمینە موسوڵمانەکانی هۆڵەندە، وەك هۆڵەندیەك خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن بەرانبەر بە پاراستنی ئاسایشی وولاتەکەیان هۆڵەندە و لەو ڕووداوانەی ئەم دواییەی دنیادا، بە ئارامی ڕەوشەکە بەڕێوە دەبەن و ئەوەشی بۆ حیکمەتی سیاسەتی کابینەکەی خۆی گێڕایەوە.
لە بەشێکی تری ووتەکەیدا، مەبەستی خۆگونجاندنی بێگانەکانی روونکردەوە، خۆگونجاندنی کەمینەکان لە هۆڵەندە وا پێناسە کرد، توانەوە و وونکردنی ناسنامە و کلتوری ئەو گەلانە نییە کە لە هۆڵەندە دەژین، بەڵکو پێکەوە ژیان، گونجان، جوانی و ڕەنگالەیی کلتورەکان دەگەیەنێت، واتە لە یەکتر گەیشتن سوود وەرگرتنە بۆ دەوڵەمەند کردنی زیاتری ژیانی مرۆڤ و دنیا بینی.
سەرۆك ڕۆڵی گرنگی بەرچاوی ڕێکخراوەیی گەنجانی بەرز نرخاند، لە پرۆسەی پێکەوە ژیان، کە هەمیشە لە پێشەوەی داهێنان و چالاکیەکاندا بوون. ئاماژەی دا بەو بۆنانەی، کە ڕێکخراوەکانی گەنجانی بێگانە لەو کەمپینەی بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانی پارێزگاکانی هۆڵەندا. نواندویانە و ئەم کەمپینەش زیاتر بۆ هاندانی پەناهەندەکانە لە بەشداری کردنیان لە کاتی پرۆسەی ئەم هەڵبژاردنەدا لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦ /٠٣/٠٧.

ئەو گروپی کەمپینەی ئەمڕۆ ئامادەبوون سوپاسی سەرۆك وەزیرانیان کرد و پێکەوە دیاریەکیان پێشکەش کرد. نوێنەری گەنجانی "میدیـا"ش بەشدارێکی ناو ئەو گروپە بوو، لەو کاتەدا نامەکەی کە ئامادەی کردبوو، پێشکەشی کرد و بە هەلی زانی ڕووبەڕوو سوپاسی ڕۆڵی جوامێرانەی سەرۆك و حکومەتی هۆڵەندە بکات لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا و ناوەڕۆکی نامەکە داواکاریەکی چارەنوسساز بوو بە نوسراو پێشکەش کرد.
بەرنامەکانی تری ڕۆژەکە خاتوو R. Verdonk وەزیری "بێگانە و خۆگونجاند" ووتارێکی هەر سەبارەت بە هەمان مەبەست خوێندەوە و جەختی لەسەر هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٦/٠٣/٠٧ کردەوە و ئەو هەواڵەی بە ناڕاست لە قەڵەم دا، کە ڕۆژنامەکان و ڕاگەیاندن بە دەمی ئەوەوە ووتویانە: گوایە بەڕێزی قەدەغەی کردووە، کەمینە بێگانەکانی ناو هۆڵەندە لەمەو دوا بە زمانی دایکیان لە شوێنە فەرمی و سەرشەقامەکان و فەرمانگەکان قسەی پێ بکەن و ووتی من ئێستا ناڕاستی ئەو هەواڵە بەڕەسمی ڕادەگەیەنم.

بەشێکی تر بەرنامەکان توێژنەوەیەك بوو بە ناونیشانی"دەربارەی پێکەوگرێدانی کۆمەڵگا"
لە لایەن پرۆفیسۆر dr. E. Snel مامۆستای زانکۆی Erasmus Unvirsiteit.
سەعات ١٨، ٠٠ ی ئێوارە بۆنەکە بە نمایشێکی تەنزئامیز لە لایەن ستون نووس Funda üjde
M و کۆنسێرتێکی هونەری لە لایەن گۆرانی بێژ Maria de F□tima و Sercan بە ساز کۆتایی
هات.